# حەسرەتەکانی ئەریستۆکراتێکی تەریک
# ڕەخنە لە فاروق ڕەفیق

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com



سایتی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ڕۆژی 2007\03\31 ووتارێکی " فاروق ڕەفیق " ی به نێوی " دادگایی کردنی سەرانی بەعس و .. " بلاوکردۆتەوە .لە شێوەی نووسینی ناونیشانی ووتارەکە وا دیتە بەرچاو کە نووسەر بە تەمایە لە سەر دادگایی کردنی سەرانی بەعس و بابەتی تری پەیوەندیدار بەم باسەوە بدوێ ، بەڵام پوختەی هەوڵی ئەو لەو بوارەدا ئەوەیە کە ئەو بە پشت بەستن بە ووتارێکی پێشووی تری دەیەوێ بە خوێنەر بڵێ کە ئەو هەر زوو پێشبینی ئاکامەکانی ئەم دادگایەی کردووە .

تا ئێرە ئاساییە کە ئەویش وەکو هەر نووسەرێکی تر هەوڵەکانی خۆی بە بیر خۆێنەر بێنێتەوە . بەڵام گرفتی فاروق ڕەفیق لەو نووسینەدا یان با بڵێین ڕەخنەی من لێرەوە نییە ، بەڵکو لەو گۆشەیەدایە دایە کە ئەم لەم ووتارەش درێژە بە هەمان ئەو تێڕوانینە دەدا کە لە کتێبی "ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار " لە سەر ڕۆشنبیری ئەریستۆکرات وروژاندبووی .

ئەم وروژاندنە لەم دووا ووتارەی ئەوەندە بە هێزە کە خوێنەر هیچ گرنگی بەشەکانی تری ووتارەکەی بە چاک یا بەخراپ لە لا نامێنێ ، ئەم وورووژاندنە لە پەرەگرافی یەکەمی ووتارەکەی دایە ، من پێش ئەوەی بێمە سەر خستنە ڕووی تێبینیەکانم ، ئەم پەرەگرافە بە تەواوی دەخەمە بەردەستی خوێنەران . لەم پەرەگرافە کاک فاروق دەلێ :–

(( چی لەوە دەردناکتر ، کارەسات تر ، تراژیدی تر هەیە کەسەر بەکۆمەڵە خەڵکێکی بێباک بیت ، سەر بەکۆمەڵە خەڵکێک کە ڕێزی بۆ خۆی نییەو قەدری نەفسی خۆی وا لە پلەی سفردا ، کۆمەڵە خەڵکێک بێئاگا لە جیهان و بێئاگا لە پرەنسیب و بەهاکان ،کۆمەڵە خەڵکێک کە ستەمکارو جەلادەکانی خۆی لە سەر شانێکی داناوەو لەسەر شانەکەی دی جەورو ستەم و ناعەدالەتی داناوەو بێ باکانە سەرقاڵی هەڵپەڕینە ، کۆمەڵە خەڵکێکی ڕیاکار کە سەرقاڵی قوربانیدانە بۆ ستەمکارەکان ، نا بەتەنیا مەڕ سەر نابڕێ بۆ ستەمکارەکان ، بەڵکو خۆی وەکو مەڕێک دەکاتە قوربانی بۆ ستەمکارەکان ، خودایە خودایە ئەوە چ نەفرەتێکە لە کەسانی جدی وەکو من کراوە لە ناو ئەم کۆمەڵە خەڵکەی پێی دەڵێن کورد ، خودایە خودایە ئەمە چ عەزابێکە ، چ دۆزەخێکە کە کەسانی جدی وەکو من تێیدا دەژین لەم جڤاتەدا ! چی لەوە بێهودەتر ، بێ ماناتر بەڵام ئازاروی ترو بێ ئومێدتر هەیە کە تۆ وەک ویژدانێکی تەندروست و زیندوو وەک لێکۆڵەرەوەیەکی جدی و وەک نووسەرێکی خاوەن ئیلتیزام بە پرەنسیب و بەها گەردوونییەکانەوە لەسەر شتەکان ئامادە بیت ، شیکردنەوەکان بخەیتە بەردەم جڤاکەت ، پێشنیارەکان بەڵام ئەو نەتخوێنێتەوەو گوێت لێ نەگرێ و بێ باکانە یاری بە چارەنووسی خۆی بکات و تۆش ئەوەت بۆ بمێنێتەوە کە بڵێیت " من نەمگووت ئەمە ڕوو دەداو ئاگات لە خۆت بێت " ! ))

نازانم بۆ خوێنەران ، بەڵام من خۆم لە دوای خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە حەپەسام .ڕەنگە کاکی نووسەر ئەمە بە ڕەخنەیەکی جدی لە کۆمەڵگە لە قەڵەم بدا . چونکە پێناسەیەک کە خەڵکی عەوام نا ، بەڵکو کە خۆی بە بەرۆکی خۆیەوە کردووە بریتی یە لە کەسێکی جدی .ئەمە ڕەنگە ئاسایی بێتە بەرچاو ئەگەر لە بەر هەر هۆیەک ، بە نزیکترینماناو لێکدانەوەی بەردەستی خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە ڕازی بین . ئاسایی دێتە بەرچاو ئەگەر بڕیار بدەین ئەم بەرزەفڕینە لە چاوقایمی نووسەر بۆ لە قالب دانی ئەو مرۆڤانەی کە بەتێزەکانی بێ ئاگان یان قبوڵیان نییە بەبێ دەنگی بەڕێ بکەین .

فاروق لەم پەرەگرافە دوو وێنە دروست کردووە . وێنەیەک لە خۆی ، وێنەیەک لە کۆمەڵگا .هەردوو ئەم وێنەیە بریتیە لە کۆی سەرجەمی ئینفیعالاتی ئەو مامەڵەیەی کە هەردوولا لە ڕابردوودا لە گەڵ یەکتریان کردووە ، کە فاروق نەیتوانیوە لە تازەترین دەنگ هەڵبڕیندا بە ئیقاعێکی هێمن یا ڕووکەشانە تەعبیری لێ بکا. چونکە تووڕەیی و نەفرەتێکی بێ سنووری لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگایە لە لا دروست بووە ، چونکە هەر بە پێ ی ئەو ووتارەی خۆی بێ کۆمەڵگە ئاگای لێ نیە یان پشتی تێکردووە . ئەم پشت تێکردنەی کۆمەڵگە ئەگەرچی شێوەی جیاوازی هەبووە ، بەڵام فاروق یەکڕەنگی دەکا و چڕی دەکاتەوە کە ناچارەپەنا بباتە بەر هێزێکی تری گەورەتر لە خۆی و لە کۆمەڵگە . ئەو بە پرسیار کردن لە خودا کە بوچی ئەوی لە کۆمەڵگای کوردی داناوە ، خودا دەکاتە هێزی یەک لا کەرەوە لە حەق بوونی بوونی فاروق و ناحەق بوونی کۆمەڵگا .دەکرێ هەر مرۆڤێک کە بڕوای بە خودا هەبێ هانای بۆ ببات ، بەڵام هانا بردنی فاروق ، پرسیار کردنی بەزەیی و ڕەحم نیە لە خودا ، بە قەدەر ئەوەی نیشان دانی پلەو پایەکی ترە لە خۆی لە بەرامبەر کۆمەڵگە .

فاروق لە شێوەی چنینی پرسیارەکە ، لە زمانی خۆیەوە گلەیی و زوڵم نمایی قەدەری خۆی لە شێوەی پرسیار دەخاتە بەردەم خودا ، کە چەندە غەدرە ئەوی لەو کۆمەڵگایە کە ناوی کوردە خەڵق کردووە . زمانی پرسیار کردنەکەش زمانی مرۆڤێکی سادە نییە ، بەڵکو زمانی مرۆڤێکی نایابە کەپەی بە "حەقیقەت " ی ڕەها بردووە ، بەڵام لە گۆشەیەکی تەریکی کۆمەڵگا پیش ئەخواتەوە کە چۆن مرۆڤەکان نەک هەر مەر بۆ سەرکردەکان سەردەبڕَن ، بەڵکو خۆشیان وەکو مێگەل لەیەک سیفەتدا هاوبەشن کە ڕیاکارن ، دەمێ سەما بۆ دەسەڵات دەکەن دەمێ خۆیان بۆیان بەکوشت دەدەن .

ئەو زمانەی فاروق پێ ی دەدوێ زمانی پێغەمبەری هەموو ئاینە ڕەنگاو ڕەنگەکان بووە ، بە یەک جیاوازی سەرەکی ، ئەوان هەموویان بەلای کەمی بەر لە کۆمەڵایەتی کردنەوەی باوەڕەکانیان ، بەشێوەیەکی سادەو بە تەوازوعەوە باسی جیاواز بوونی خۆیان لە کۆمەڵگە دەکەن . بەڵام فاروق لەو عەرشە زهنگەراییەی بۆ عەزیم بوونی خۆی لەبەرامبەر عەوام ی کۆمەڵگە دروستی کردووە ناتوانێ ببزوێ . نووسینەکانی ، بەرهەمەکانی ،پرۆژەو ئەڵتەرناتیڤەکانی پێش ئەوەی لە خاڵی کۆنەپەرستیدا کۆببنەوە ، لە نەبوونی سادەترین پرەنسیبی کۆمۆنیکەیشن و ڕێز گرتن لە مرۆڤ یەک دەگرنەوە .